مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەرپرسی دەزگای نێتەویی هەواڵگریی تورکیا دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە 28ی کانوونی دووەمی 2024 لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە ئیبراهیم کالین بەرپرسی دەزگای نێتەویی هەواڵگریی تورکیا کرد.

نوسینگەی بارزانی لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە :لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسی و دواپێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە و پرسی هەڕەشەی تیرۆر ئاوگەڵ کرا.

هەر لەو دیدارەدا جەخت لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هەرەمی کوردستان و تورکیا و هەماهەنگییەکان بە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری کرایەوە.